| Kurdish Sorani | **English** |
|---|---|
| شوێنی لەدایکبوون و گەورەبوون لە Doncaster (BaBi): توێژینەوەی کۆمەڵێک هاوپەیوەندیی داتایە بۆ ئەو منداڵانەی لە Doncaster لەدایک بوون و دایکیان | Born and Bred in (BaBi) Doncaster: A data linkage cohort study of babies born in Doncaster and their mothers |
| زانیاری بۆ ئافرەتانی دووگیان | Information for pregnant women |
| BaBi Doncaster چییە؟ | ?What is BaBi Doncaster |
| ئەمە پرۆژەیەکە لەلایەن Doncaster & Bassetlaw Teaching Hospitals NHS Foundation Trust بەڕێوە دەبرێت و بەشێکە لە کۆمەڵەی پرۆژەکانی توێژینەوەی BaBi کە بەتێکڕایی پەیوەستە بە خێزان و منداڵەکان تا زیاتر یارمەتیمان بدەن لەسەر چۆنیەتی بەسەربردنی ژیانێکی تەندروستتر و خۆشتر لە ناوچەکەمان. | This is a project being run by Doncaster & Bassetlaw Teaching Hospitals NHS Foundation Trust and is part of a group of BaBi research projects all about families and children to help us to learn more about how families in our area and .beyond can live healthier, happier lives |
| BaBi Doncaster چۆن کار دەکات؟ | ?How does  BaBi Doncaster work |
| کە مامانەکەت بینی، ئەوا ئەو بانگهێشتت دەکات تا ببیتە بەشێک لە توێژینەوەکە.  ئەگەر ڕازی بیت بە بەشداریکردن، توێژەرانی تەندروستی داتایەکی زۆر بەیەکەوە کۆدەکەنەوە لەبارەی تۆ و منداڵەکەت بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین بڕوانینە ڕێگاکانی باشترکردنی تەندروستی، چاودێری و خزمەتگوزارییەکان لە ڕێگای توێژینەوە و پلاندانان لە Doncaster و بەدەر لەوێش. ئێمە داوا لە هەر ئافرەتێکی دووگیان لە Doncaster دەکەین کە پەیوەست بێت بە پرۆژەکەوە. | When you see your midwife, they will invite you to become part of the study.  If you agree to take part, health researchers will join together lots of data about you and your child so that we can look at ways to improve health, care and services through research and planning in Doncaster and beyond. We are asking every pregnant woman in .Doncaster to join the project |
| بۆچی BaBi  Doncaster دەیەوێت زانیاریی من بەکار بهێنێت؟ | Why do BaBi Doncaster want to use my ?information |
| لە ڕێگای بەستنەوەی زانیاریی هەردوو تۆماری نەخۆشی تۆ و تۆماری نەخۆشی منداڵەکەت، ئێمە دەتوانین وێنەیەکی ڕوونتر دروست بکەین لەسەر ژیانی خەڵک و وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە کە لەوانەی یارمەتی باشترکردنی تەندروستی، چاودێری و خزمەتگوزارییەکان بدات لە ڕێگای توێژینەوە و پلاندانان. زانیاریی تۆ دەتوانێت یارمەتیمان بدات دەست بکەین بە گەڕان بەناو پرسیاری وەک: | By linking information from both your patient records and your child's patient record, we can build up a much clearer picture of people's lives and answer questions that may help to improve health, care and services through research and planning. Your information can help us begin to :explore questions like |
| • ئایا هیچ پەیوەندییەک لەنێوان ئەو شتانەدا هەیە کە لە کاتی سکپڕی ڕوو دەدەن لەگەڵ تەندروستیی داهاتووی منداڵان؟ | • Are there relationships between things that happen in pregnancy and children's future ?health |

| | |
|---|---|
| • چەند منداڵ لە ناوچەکەمان تەنگەنەفەسییان هەیە؟ ئایا منداڵان لە هەندێک ناوچە ئەگەری زیاترە کە تەنگەنەفەسی بگرن لەچاو منداڵان لە هەندێک ناوچەی تر؟ | • How many children in our area have asthma? Are children in some areas more likely ?to get asthma than children in other areas |
| • چۆن دایکان لە ناوچەکەمان خەمۆکی دوای منداڵبوون یان شەکرە لەکاتی سکپڕیدا ئەزموون دەکەن؟ ئایا دەکرێ چی بکرێت بۆ ڕێگرتن لە خەمۆکی یان شەکرە و بۆ دابینکردنی پاڵپشتی بۆ خێزانەکە؟ | • How many mums in our area experience postnatal depression or diabetes in pregnancy? What could be done to help prevent depression ?or diabetes and provide support for the family |
| ئایا BaBi Doncaster دەیەوێت چ زانیارییەکی من بەکار بهێنێت؟ | What information do BaBi Doncaster want to ?use |
| زۆر ڕێکخراو بەبەردەوامی داتا لەبارەی ئەو خزمەتگوزارییانە کۆ دەکەنەوە کە دابینی دەکەن بۆ تۆ و منداڵەکانت" ئەمە پێی دەوترێت داتای ڕۆتینی. دەزگاری تەندروستیی نیشتمانی (NHS) تۆمارە تەندروستییەکان دەپارێزێت بۆ ئەوەی بتوانن خزمەتگوزاریی تەندروستی بۆ تۆ دابین بکەن. چاودێریی کۆمەڵایەتی تۆمارەکان لەبارەی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە بۆ تۆ و خێزانەکەت دابینی دەکەن دەپارێزێت. | Lots of organisations regularly collect data about the services they provide to you or your children; this is known as routine data. The NHS keeps health records so they can provide health services to you. Social Care keep records about .services they provide to you and your family |
| ڕێکخراوەکانی پەروەردە زانیاری هەڵدەگرن تا کەڵکی لێوەرگرن بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ منداڵەکانت لە قوتابخانەکان و بۆ ئەوەی بزانن کە چیان بەجێ گەیاندووە. هەموو ئەم زانیارییانە بەشێوەی ئەلیکترۆنی کۆ دەکرێتەوە و بەجیا سیستەمی جیاوازدا هەڵدەگیرێت. | Education organisations keep information to help them to provide services for your children in schools and so they know what they achieve. All of this information is collected electronically .and stored separately on different systems |
| هێڵکارییەکەی خوارەوە هەندێک ڕێکخراوی جیاواز نیشان دەدات کە ئێمە پەیوەندییان پێوە دەکەین بۆ بەستنەوەی زانیاری لە تۆماری نەخۆشی تۆ و تۆماری نەخۆشی منداڵەکەت، یان بۆ یارمەتیدانمان بۆ پەیوەندیکردن بە تۆوە لە داهاتوودا. | The diagram below shows some of the different organisations that we will contact to link information from your patient record and your child's patient record, or to help us to contact .you in the future |
| چۆن BaBi Doncaster زانیاریی من وەردەگرێت؟ | ?How will BaBi Doncaster get my information |
| ئێمە حەز دەکەین کە هەندێک وردەکاریی ناسراوەی کەسی دابین بکەین وەک ناو، ڕێکەوتی لەدایکبوون، ناونیشان و ژمارەی دەزگای تەندروستیی نیشتمانی بۆ هەریەکە لەم ڕێکخراوانە تا ئەوان بتوانن داتامان بۆ بنێرنەوە لەبارەی تۆ و منداڵەکەت بەبەردەوامی بۆ دەستکەوتنی وێنەیەکی تەواوتری تەندروستی و ژیانی خەڵک. ئەمە بە بەکارهێنانی سیستەمێکی گواستنەوەی پارێزراو دەنێردرێت بۆ پاراستنی زانیارییەکانت بەسەلامەتی. | We would like to provide some personally-identifiable details such as name, date of birth, address and NHS number to each of these organisations so they can send us data back about you and your child regularly to get a more complete picture of people's health and lives. This will be sent using a secure transfer system .to keep your information safe |

| | |
|---|---|
| چۆن BaBi زانیارییەکانم بە پارێزراوی دەهێڵێتەوە؟ | ?How will BaBi keep my information secure |
| BaBi Doncaster دەکەوێتە Doncaster and Bassetlaw Teaching Hospitals NHS Foundation Trust and Doncaster Council.هەموو داتایەکان بەشێوەیەکی پارێزراو هەڵدەگیرێن لە Doncaster Council و بەشێوەیەکی نهێنی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. سیستەمەکانمان بە تێپەڕوشە پارێزراون و زۆر نهێنین. | BaBi Doncaster is based at Doncaster and Bassetlaw Teaching Hospitals NHS Foundation Trust and Doncaster Council. All data will be stored securely at Doncaster Council and will be treated confidentially. Our systems are .password protected and very secure |
| ئێمە ئەو زانیارییە دەپارێزین کە کەسەکان دەناسێنێت (وەکو ناو و ناونیشان) جیا لە زانیاریی تر لەبارەی بەشداربووان. تەنها ژمارەیەکی کەم لە کەسانی ڕێپێدراو دەستگەیشتنیان هەیە بە هەر داتایەک کە تۆ بناسێنێت، وەکو ناو و ناونیشانی تۆ. | We will keep information that might identify individuals (such as name and address) separate from other information about participants. Only a very small number of authorised people will have access to any data that identifies you, like .your name and address |
| ئەمانە ئەندامانی تیمەکە دەگرێتەوە کە بەشدارن لە بەستنەوەی داتای تۆ بەیەکەوە و ئەوانەی کە بەشدارن لە هەواڵ پێدانەوەت لەبارەی توێژینەوەکە. ئەو توێژەرانەی کە داتای شی دەکەنەوە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوەکە دەستگەیشتنیان نابێت بە داتای کەسیی تۆ چونکە ئێمە ئەو زانیارییە دەسڕینەوە کە تۆ دەناسێنێت بۆ ئەوەی ئەوان نەزانن کە تۆی و نەناسراو دەبێت. | These include members of the team involved in linking your data together and those involved in keeping you up to date about the study. The researchers who will analyse the data to answer research questions won't have access to your personal data as we will remove the information that identifies you so they won't know it's you .and it's anonymous |
| داتای نەناسراو بۆ توێژینەوەکە و پلاندانانی خزمەتگوزاری بەکار دەهێنرێت. لەبەر ئەوەی ئێمە دەمانەوێت بزانین کە چۆن ژیان و تەندروستیی خەڵک دەگۆڕێت ئێمە زانیاریی تۆ هەڵدەگرین و لەسەر ئەو بنەمایە بنیاتی دەنێین بە تێپەڕینی کات. | Anonymous data will be used for research and service planning. As we want to look at how people's lives and health change we will keep .your information and build on it over time |
| زانیاریی من چۆن بەکار دەهێنرێت؟ | ?How will my information be used |
| زانیاریی تۆ تەنها بۆ توێژینەوەکە و پلاندانانی خزمەتگوزاری بەکار دەهێنرێت. هەر زانیارییەکی هەستیار لەلایەن BaBi تەنها بۆ ئەو توێژەرانە بەردەست دەبێت کە ڕەزامەندیی زانستیی پەیوەندیدار و ڕەوشتییان بۆ توێژینەوەی پلان بۆ دانراو بەپێی ڕێکخستنەکانی دەستپێگەیشتنی سنووردار هەیە کە جەخت بکەنەوە لەوەی کە زانیارییەکە بەرپرسیارانە و بەسەلامەتی بەکار دەهێنرێت. | Your information will only be used for research and service planning. Any sensitive information from BaBi will only be made available to researchers who have relevant scientific and ethics approval for their planned research under restricted access arrangements which make sure that the information is used responsibly and .safely |
| زانیاریی ناسێنەری کەسی وەک ناو و ناونیشان هەرگیز ناخرێتە ناو ئەنجامەکان و هیچ کەسێک ناناسرێتەوە لەو توێژینەوەی کە | Personally-identifiable information such as name and address are never included in the results and |

| | |
|---|---|
| بڵاوی دەکەینەوە. | no individual can be identified from the research .we publish |
| BaBi Doncaster هەروەها وردەکاریی پەیوەندیی تۆ بەکار دەهێنێت بۆ زانیاری پێدانەوەت لەبارەی توێژینەوەکە و هەواڵ پێدانت لەبارەی دیراسەی توێژینەوەی پەیوەندیداری تر کە ئەنجام دەدرێن و تۆ لەوانەیە حەز بکەیت بەشداری بیت. | BaBi Doncaster will also use your contact details to keep you up to date with the study and to let you know about other relevant research studies that are happening that you may wish to be .involved in |
| من چۆن دەتوانم بزانم کە زانیاریی من بۆچی بەکار هێنراوە؟ | How can I find out what my information has ?been used for |
| ئێمە ئەنجامەکان لە گۆڤارەکان و لەسەر ماڵپەڕەکەمان https://www.dbth.nhs.uk/research-and-development/babi-d/ بڵاو دەکەینەوە. نابێت تۆ لە هیچ یەکێک لە ئەنجامەکاندا بناسێنرێیت چونکە داتای بەکارهێنراو نەناسراوە. تۆ هەروەها لە پەیوەندیدا دەبیت لەگەڵ ئێمە بە بەکارهێنانی وردەکاریی پەیوەندی خوارەوە ئەگەر تۆ حەز بکەیت زیاتر بزانیت یان پرسیاری ترت هەبێت. | We will publish our findings in journals and on our websitehttps://www.dbth.nhs.uk/research-and-development/babi-d/. It won't be possible to identify you in any of the findings because the data used is anonymous. You can also get in touch with us using the contact details below if you would like to know more or have other .questions |
| ئێمە هیچ ئەنجامێکی کەسی هی هیچ توێژینەوەیەک لە دیراسەکەدا بۆ تۆ نانێرین. ئەمە بەهۆی ئەوەی ئێمە بەدوای نمونەکاندا دەگەڕێین لەناو داتای هەزاران بەشداربوو نەک بە سەیرکردنی تاکی خەڵک. | We will not send you any individual results from any of the research in the study. This is because we are looking for patterns in the data of thousands of participants and not looking at .individual people |
| بۆچی دەبێت بەشداری بکەم؟ | ?Why should I take part |
| بەشداریکردن بەتەواوی ئارەزوومەندانەیە و بەدڵی خۆتە ئاخۆ بڕیاری پەیوەست بوون بە پرۆژەکە دەدەیت یاخود نا. هیچ ڕاپرسییەکی درێژ نییە کە تەواوی بکەیت یان نمونە بدەیت، تەنها مۆڵەتی تۆ بۆ ڕێگەدان بە ئێمە بۆ دەستگەیشتن بە داتای تۆ. | Taking part is entirely voluntary and it is up to you whether you decide to join the project. There is no long questionnaire to complete or samples to give, just your permission to allow us .to access your data |
| لەکاتێکدا کە هیچ سوودێکی ڕاستەوخۆ بۆ تۆ یان منداڵەکەت نییە لە بەشداریکردن، ئێمە هیوادارین کە ئێمە هیوادارین کە ئێمە سوود لە هەموو ئەو زانیارییە وەرگرین کە دەستمان دەکەوێت و ئەمەش یارمەتیمان دەدات کە تەندروستی، چاودێری و خزمەتگوزارییەکان لە ڕێگای توێژینەوە و پلاندانان بۆ هەموان لە Doncaster باشتر بکەین. | While there is no direct benefit to you or your child in taking part, we hope that we will learn from all of the information we do get and this will help us to improve health, care and services through research and planning for everyone in .Doncaster |
| ئەمە دەکرێ لە ڕێگای باشترکردنی ئەو شێوازە بێت کە | This might be through improving the way health and care services are delivered in the future or |

| | |
|---|---|
| تەندروستی و خزمەتگوزارییەکانی چاودێری پێشکەش دەکرێن لە داهاتوودا یان دۆزینەوەی پەیوەندیی نوێ لەنێوان جینەکان و تەندروستیدا. | finding new relationships between our genes and health. |
| چی دەبێت کە نەمەوێت بەشداری بکەم؟ | What if I don't want to take part? |
| ئێمە هیچ داتایەکی تۆ لەبارەی تۆ و منداڵەکەت وەرناگرین تاکو ئەوەی تۆ پێمان دەڵێیت کە دەتوانین. مامانەکەت پرسیارت لێدەکات ئاخۆ تۆ حەز دەکەیت کە لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانتدا بەشداری بکەیت. ئەگەر تۆ نەتەوێت بەشداری بکەیت، تەنها ئاگادارمان بکەوە. ئەمە کاریگەری لەسەر ئەو چاودێرییە نابێت کە وەری دەگریت. | We won't take any data about you or your child until you have told us that we can. Your midwife will ask you whether you would like to take part at one of your appointments. If you don't want to take part, just let them know. It won't affect the care you receive. |
| چی دەبێت کە بۆچوونم بگۆڕم؟ | What if I change my mind? |
| تۆ دەتوانیت هەرکاتێک بۆچوونت بگۆڕیت. ئەگەر تۆ بڕیار بدەیت کە پەیوەستی پرۆژەکە بیت کاتێک کە قسە لەگەڵ مامانەکەت دەکەیت و پاشان پەشیمان دەبیتەوە ئەوا دەتوانیت پەیوەندیمان پێوە بکەیت و پێمان بڵێیت لە ڕێگای بەکارهێنانی ئەو وردەکارییەی خوارەوە و ئێمە داتای تری تۆ و منداڵەکەت کۆ ناکەینەوە. ئەمە کاریگەری لەسەر ئەو چاودێرییە نابێت کە وەری دەگریت. | You can change your mind at any time. If you decide to join the project when you speak with your midwife and then later change your mind you can contact us and let us know using the details below and we will not collect any further data from you or your child. This won't affect the care you receive. |
| زانیاریی زیاتر | More information |
| زانیاریی زیاتر بەردەستە لەبارەی پرۆژەکە لەسەر ماڵپەڕەکەمان https://www.dbth.nhs.uk/research-and-development/babi-d/ یان تۆ دەتوانیت لە پەیوەندیدا بیت بە بەکارهێنانی وردەکارییەکانی خوارەوە.<br><br>هەروەها زانیاریی زیاتر هەیە لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی داتای تۆ بەشێوەی سەرهێڵ لێرە: | There is more information available about the project on our website https://www.dbth.nhs.uk/research-and-development/babi-d/or you can get in touch using the details below.<br><br>There is also more information on how we use your data online here: |
| ئەگەر کۆپییەکی چاپکراوی هەر یەکێک لەم بەڵگەنامانەت دەوێت تکایە ئیمەیڵمان بۆ بنێرە یان تەلەفۆنمان بۆ بکە بۆ داواکردنی دانەیەک. | If you would like a printed copy of any of these documents please email or call us to request one. |
| لە پەیوەندیدا بوون<br><br>ئەگەر بتەوێت پەیوەندیمان پێوە بکەیت لەبارەی پرۆژەکە یان بۆ سکاڵا کردن، تکایە لە ڕێگای ئیمەیڵەوە پەیوەندیمان پێوە بکە:<br>dbth.babi@nhs.net یان | Get in touch<br><br>If you would like to contact us about the project or to make a complaint, please contact us by<br>Email: dbth.babi@nhs.net or |

| | |
|---|---|
| Patient Liaison Service (PALS)<br>dbth.pals.dbh@nhs.net<br><br>نامەمان بۆ بنێرە:<br><br>BaBi-D, Research Department,<br>Doncaster Royal Infirmary,<br>Armthorpe Road, Doncaster,<br>DN2 5LT<br>Telephone: 01302 644070 | Patient Liaison Service (PALS)<br>dbth.pals.dbh@nhs.net<br><br>:Write to us<br><br>BaBi-D, Research Department,<br>Doncaster Royal Infirmary,<br>Armthorpe Road, Doncaster,<br>DN2 5LT<br>Telephone: 01302 644070 |
| وەرگێڕانەکان<br><br>کۆپیی نووسراوی ئەم نامیلکەیە بە زمانی ئوردو، بەنگالی و سلۆڤاکی بەردەستە. ئێمە هەروەها وەشانی دەنگیمان هەیە بە زمانەکانی ئوردو، بەنگالی و سلۆڤاکی و پوختەی ڤیدیۆیی بە ئینگلیزی، ئوردو، بەنگالی، سلۆڤاکی، پۆڵەندی، کوردی، ڕۆمانی، عەرەبی و هەنگاری. ئەگەر ئەم زانیارییەت بە هەر زمانێکی تر دەوێت تکایە پەیوەندیمان پێوە بکە. | Translations<br><br>Written copies of this leaflet are available in Urdu, Bangla and Slovak. We also have audio versions in Urdu, Bangla and Slovak and a video summary in English, Urdu, Bangla, Slovak, Polish, Kurdish, Romanian, Arabic and Hungarian. If you would like this information in any other language .please contact us |
| کارتی QR لەسەر لای چەپ بپشکنە بۆ دەستگەیشتن بەم نامیلکەیە، و وەشانی دەنگی و/یان ڤیدیۆیی لە ڕێگای ماڵپەڕی .BaBi Doncaster<br><br>https://www.dbth.nhs.uk/research-and-<br>/development/babi-d | Scan the QR card on the left for access to this leaflet, and audio and/or video versions through .the BaBi Doncaster website<br><br>https://www.dbth.nhs.uk/research-and-<br>/development/babi-d |
| شوێنی لەدایکبوون و گەورەبوون لە زانیاریی بەشداربووی Doncaster Sheet_ v6_17/YH/0202_IRAS 226266 04/05/2022 | Born an Bred In Doncaster Participant Information Sheet_ v6_17/YH/0202_IRAS 226266 04/05/2022 |
| پزیشکە گشتییەکان و ددانسازەکان | GPs and Dentists |
| مامانی و سەردانی تەندروستی | Midwifery and Health Visiting |
| ناوەندەکانی منداڵان | Children’s Centres |
| پەروەردە و قوتابخانەکان | Education and Schools |

| | |
|---|---|
| | |
| فەرمانگەی کار و خانەنشینی | Department of Work and Pensions |
| ڕێکخراوە خۆبەخشەکان | Voluntary Organisations |
| دیراسەی توێژینەوەی تر | Other research studies |
| فەرمانگەی خۆجێی و چاودێریی کۆمەڵایەتی | Local Authority and Social Care |
| NHS Digital (دەزگای تەندروستیی نیشتمانی دیجیتاڵی) | NHS Digital |
| National Child Measurement Programme (بەرنامەی پێوانی منداڵی نیشتمانی) | National Child Measurement Programme |